# چۆنیێتی

# کردنی نوێژی جه‌نازه

## وفه‌زڵ و گه‌وره‌یی پاداشتی ئه‌نجام دانی

## له‌ سوننه‌تی پێغه‌مبه‌ردا (ﷺ)

قال رسول الله ﷺ :

((صَلُّــوا كما رأيتمونــي أُصلــي))

مُتفقٌ عليهِ

**كۆكردنه‌وه‌ و ئاماده‌كردنی**

**چاپی سێ یه‌م**

=====================================


له‌بڵاوكراوه‌كانی

**ماڵپه‌ڕی به‌هه‌شت**

www.ba8.org



islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

**عێراق - كوردستان - كه‌لار**


هه‌میشه‌ له‌گه‌ڵمان بن بۆ به‌رهه‌می نوێ

**كتێبی ژماره‌ ﴿٧٢﴾**

الـــحمدُ لله الـــحي الذي لا يـــموت ، وصلى وسلَّمَ على رسولهِ الذي لـــمْ يُفارق الدنيا إلاَّ بعد أنْ بلَّغ الرسالة وأدَّى الأمانة ونصحَ الأمَّة وكشف الغُمَّـــة وتركنا على الـــمحجة البيضاء ليلها كنهارها لا يَزيغ عنها بعدهُ إلاَّ هالك ، وعلى آلهِ وأصحابهِ وأتباعهِ الذين اتبعوهُ بإحسان إلـــى يوم يقوم الناس لرب العالـــمين ...

## * حوكمی ئەنجامدانی نوێژی جەنازە :

**زانایانی ئەهلی سوننە فەرموویانە : ئەنجامدانی نوێژی جەنازە فەرزە لە سەر هەندێك لـە موسـڵمانان** (فرض كفاية) **، واتە فەرز نی یە لە سەر هەموو موسڵمانێك نوێژی جەنازە ئـەنجام بـدات بـەڵكو ئەگـەر تـەنها یەك موسڵمانیش ئەم نوێژە ئەنجام بدات ئەوا ئەم ئەركە لە سەر ئەوانەی تـر دەكـەوێت ، لـە گـەڵ ئەمەشـدا تاوەكو ژمارەی نوێژگەرانی سەر جەنازەكە زیاتر بێت ئەوا زۆر باشترە وەك باسی دەكەین .**

## * فەزڵ و گەورەیی پاداشتی ئەجامدانی نوێژی جەنازە :

**نوێژی جەنازە خێر و سوودێكی زۆر زۆری تێدایە هەم بۆ نوێژگەر و هەم بۆ مردووەكەش :**

### ١ ـ خێر و سوودی نوێژی جەنازە بۆ نوێژگەرەكەی :

عن أبـــي هريرة (ﷺ) عن النبي ( ﷺ) قال : ((مَنْ صلَّى على جنازةٍ ولـــم يتبعها فله قيراط ، فإنْ تبعها فله قيراطان ، قيل : وما القيراطان ؟ قال : أصغرهـــما مثل أُحُـــد))[١].

**واتە : هەركەسێك نوێژ لـە سـەر جەنازەیـەك بكـات و شـوێنی نەكـەوێت ئـەوا** (قـــيراط)**ێكـی دەسـت دەكەوێت ، وە ئەگەر شوێنیشی بكەوێت ئەوا دوو** (قيراط)**ی دەست دەكەوێت ، ووترا : دوو** (قيراط) **چی یە ؟ فەرمووی : بچوكترینیان وەكـو شـاخی ئوحـد وایـە (واتـە : لـە گـەورەیی پاداشـت و قورسـی خێرەكەیـدا لـە تەرازووی چاكەكاندا) .**

وفـــي رواية نـــحوهُ : ((مَنْ خرج مع جنازة من بيتها وصلَّى عليها ثُمَّ تبعها حتـــى تُدفَنَ كان له قيراطان مـــن أجر كُلُّ قيراطٍ مثل أُحُد ، ومن صلَّى عليها ثُمَّ رجع كان له من الأجر مثل أُحُد ...)) .

**واتە : هەركەسێك لە گەڵ جەنازەیەكدا لە ماڵەوە دەرچێت و نوێژی لە سەر بكات و ئەنجا شوێنیـشی بكەوێت تاوەكو دەنێژرێت ئەوا دوو** (قيراط) **پاداشتی بۆ هەیە هەر یەك** (قيراط)**ی وەكو شاخی ئوحد وایە ، وە هەر كەسێك نوێژی لە سەر بكات و ئەنجا بگەڕێتەوە ئەوا ئەوەندە پاداشتی بۆ هەیە وەكو شاخی ئوحد .**

وفـــي رواية أخرى نـــحوهُ : (( ... قيل : وما القيراطان ؟ قال : مثل الـــجبلين العظيمين)) ، قال سالـــم بن عبد الله بن عمر : وكان ابن عمر يُصلي عليها ثُمَّ يَنصَرِف فلمَّـــا بلغَـــهُ حديث أبـــي هريرة قال : لقد ضَيَّعْـــنا قراريطَ كثيرة)) .

**واتە : ووترا : دوو** (قيراط) **چیە ؟ فەرمووی : وەكو دوو شاخی گەورە وان لە پاداشتدا ،** (سالـــم)**ی كوڕی** (عبد الله)**ی كوڕی** (عُـــمَـــر) **فەرمووی :** (ابنُ عُـــمَـــر) **نوێژی لە سـەر جـەنازە دەكـرد و دەگەڕایـەوە**

(٢) صحيح البخاري رقم : (١٣٢٣) وصحيح مسلم رقم : (٩٤٥) واللفظُ لـــه ، والروايات التـــي بعدها كُلُّها لـــمسلم .

**بەڵام کاتێك فەرموودەکەی** (أبو هريرة)**ی پێگەیشت فەرمووی : بە ڕاستی چەندەها** (قيراط)**ی زۆرمان لە دەست داوە .**

### ٢ ـ خێر و سوودی نوێژی جەنازە بۆ مردووەکە :

عن كريب مولى بن عباس عن عبد الله بن عباس : أنَّهُ مات ابن له بقديد أو بعسفان ، فقال : يا كريب انظر ما اجتمع له من الناس ؟ قال : فخرجتُ فإذا ناسٌ قد اجتمعوا له فأخبرته ، فقال : تقول هم أربعون ؟ قال : نعم ، قال : أخرجوه فإني سمعت رسول الله (ﷺ) يقول : ((ما مِنْ رجلٍ مسلمٍ يموت فيقوم على جنازته أربعونَ رجلاً لا يشركون بالله شيئاً إلاَّ شفعهم الله فيه))[٢].

**واتە : کوڕێکی (عبد الله بن عباس) مرد ، ئەویش ووتی بە (کُريب) بڕوانە بزانە چەندێك لە خەڵك کۆبووەتەوە لە سەری ؟ ئەویش ڕۆیشت و بینی خەڵکانێك کۆبوونەتەوە بۆی و ئەنجا هەواڵی دا بە (عبد الله) ، ئەویش ووتی بە (کُريب) تۆ دەڵێیت : چل (٤٠) بن ؟ ووتی : بەڵێ ، ئەویش ووتی ئێستا دەریبکەن و بیبەن چونکە من بیستوومە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : هەر پیاوێکی موسڵمان بمرێت و چل (٤٠) پیاو کە بە هیچ شێوەیەك شەریك و هاوەڵ بۆ خوا بڕیار نەدەن نوێژی جەنازە ئەنجام بدەن لە سەر جەنازەکەی ئیللا خوای گەورە دەیانکات بە تکاکار بۆی و تکاکەیان وەردەگرێت .**

وعن عائشة (رضي اللهُ عنها) قالت : قال رسول الله (ﷺ) قال : ((ما مِنْ ميتٍ يُصلي عليه أمَّةٌ من المسلمين يبلغونَ مائة كلهم يشفعون له إلاَّ شفعوا فيه))[٣].

**واتە : هەر مردوویەك بمرێت و کۆمەڵێك لە موسڵمانان کە ژمارەیان بگاتە سەد (١٠٠) موسڵمان نوێژی جەنازەی لە سەر بکەن و تکای بۆ بکەن ئیللا خوای گەورە تکاکەیان وەردەگرێت .**

### * چۆنێتی ئەنجامدانی نوێژی جەنازە :

**ـ جەنازەکە ڕووەو قیبلە دادەنرێت .**

**ـ ئەنجا ئەگەر مردووەکە پیاو بوو ئەوا ئیمام و پێش نوێژکاری موسڵمانان لە لای سەری مردووەکەوە ڕووەو قیبلە ڕادەوەستێت ، وە ئەگەر مردووەکە ئافرەت بوو ئەوا ئیمام لە ئاساتی ناوەڕاستیەوە ڕادەوەستێت .**

**ـ ئەنجا موسڵمانان لە پشت ئیمامەوە بە سێ ڕیز ڕادەوەستن چونکە ئەمە سوننەتە ، وە ئەگەر زیاتر بوون ئەوا دروستە لە سێ ڕیز زیاتر بوەستن .**

**ـ ئەنجا نی یەتی نوێژی جەنازە لە دڵدا دەهێنیت ، وە دەربڕین و ووتنی نی یەت بە زمان بیدعەیە .**

**ـ ئەنجا دەڕۆیتە ناو نوێژی جەنازەوە بە ووتنی** (اللهُ أكبر)**ی یەکەم بەم شێوازەیە:**

**١ ـ دوای** (اللهُ أكبر)**ی یەکەم سورەتی** (الحمدُ للهِ رَّبِّ الْعَاْلَمِيْن ...) **تاوەکو** (... وَلاَ الضَّالِّينَ) **دەخوێنیت ، ئەنجا دەڵێیت :** (آمين) **، ئەنجا سورەتێکی تریش دەخوێنیت وەکو سورەتی :** (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) **.**

---

[٢] صحيح مسلم رقم : (٩٤٨) .

[٣] صحيح مسلم رقم : (٩٤٧) .

٢ ـ ئەنجا دەڵێیت : (اللهُ أكبـــر) ، وە دوای (اللهُ أكبـــر)ی دووەم صـەڵاوات بـۆ پێغەمبـەر (ﷺ) دەخوێنیت وەکو صەڵاواتی ناو تەحیاتی نوێژەکانی تر بـەم شـێوازە : (**اللَّهُمَّ صَلِّ على مُحَمَّدٍ وعلى آلِ مُحَمَّدٍ كَـــمَا صَلَّيتَ على إبراهِيمَ وعلى آلِ إبراهِيمَ إنَّكَ حَميدٌ مَجيد ، اللَّهُمَّ بارِكْ على مُحَمَّدٍ وعلى آلِ مُحَمَّـدٍ كَـــمَا باركْتَ على إبراهِيمَ وعلى آلِ إبراهِيمَ إنَّكَ حَميدٌ مَجيد**) .

٣ ـ ئەنجا دەڵێیت : (اللهُ أكبـــر) ، وە دوای (اللهُ أكبـــر)ی سێیەم سوننەتە ئەم دوعایە بۆ مردووەکە بکەیت : ((**اللَّهُمَّ اغفِرْ لَــهُ وارْحَمْهُ وعَافِــه واعْفُ عنهُ وأَكرِمْ نُــزلَــهُ ووَسِّعْ مُدْخلَــهُ ، واغْسِلْــهُ بالـــمَاءِ والثَّــلْجِ والبَرَد ، ونَقِّهِ مِنْ الــخَطايَا كَما يُنقَّــى الثوبُ الأَبيضُ من الدَّنَس ، وأَبْدِلْــهُ داراً خَيراً مِـــنْ دارِه ، وأهْلاً خَيراً مِنْ أهلِــه ، وزَوجَــاً خَيراً مِنْ زَوجه ، وأَدْخِلْــهُ الــجنَّــةَ ، وأَعِذْهُ مِنْ عَذابِ القَبــرِ و عَذابِ الــنَّار**))[٤] .

وە ئەگەر کەسێك خوێندەواری نەبوو یان نەیدەتوانی ئەم دوعایە لە بەر بکات ئەوا دەتوانێت تەنها بڵێت : (اللَّهُمَّ اغفِرْ لَــهُ وارْحَمْهُ) .

٤ ـ ئـەنجا دەڵێیت : (اللهُ أكبـــر) ، وە دوای (اللهُ أكبـــر)ی چـوارەم سـوننەتە ئـەم دوعایـە بـۆ موسـڵمانان بکەیت : ((**اللَّهُمَّ اغفِرْ لِحَيِّــنا ومَيِّــتِــنا ، وشَاهِدنا وغَائِبِــنا ، وصَغيرِنا وكَبيرنا ، وذَكرِنا وأُنْثانا ، اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْـــتَهُ مِنَّا فَأَحْيِـــهِ على الإسلام ، ومَنْ تَوَفَّيْـــتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّـــهُ على الإيـــمان ، اللَّهُمَّ لا تَحرِمْنا أَجْرَهُ ، ولا تُضِلَّنا بَعْدَهُ**))[٥].

ـ ئەنجا دوای تەواو بوونی ئەم دوعایە سەلام دەداتەوە بە لای ڕاستدا ، ئەنجا بە لای چەپیشدا [٦].

## چەند بیرخستنەوەیەك :

١ ـ تەنها لە گەڵ (اللهُ أكبـــر)ی یەکەمدا هەردوو دەستت بەرز دەکەیتەوە تاوەکو ئاستی هەردوو شـانت یـان تاوەکو ئاستی هەردوو گوێت ، ئەنجا دەستی ڕاستت لە سەر دەستی چەپت دادەنەیت لە سەر سینگت .

کەواتە لە گەڵ باقی سێ (اللهُ أكبـــر)کانی تردا دەستت بەرز ناکەیتەوە چونکە ئەم دەست بـەرز کردنەوەیـە بیدعەیە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە :

عن عبد الله بن عباس (ﷺ) قال : ((أنَّ رسولَ الله (ﷺ)كان يرفعُ يديه على الــجنازة فـــي أول تكبيرةٍ ، **ثُـــمَّ لا يعود**))[٧].

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نوێژی سەر جەنازەدا لە گـەڵ (اللهُ أكبـــر)ی یەکەمـدا هـەردوو دەسـتی بـەرز دەکردەوە ، ئەنجا ئەمەی دووبارە نەدەکردەوە .

---

[٤] صحيح مسلم رقم : (٩٦٣) .

[٥] صحيح سنن أبـــي داود للإمام الألبانـــي رقم : (٣٢٠١) .

[٦] **بڕوانە کتێبی** "الوجيز فـــي فقه السنة والكتاب العزيز" ص : (١٧٢ ـــ ١٧٨) **هەروەها کتێبی** : "أحكام الـــجنائز" للإمام الألبانـــي .

[٧] حديث صحيح ، انظر كتاب "أحكام الـــجنائز" للإمام الألبانـــي ص : (١١٦) .

**٢ ـ دروست نییە نوێژی جەنازە لە ناو گۆڕستاندا ئەنجام بدرێت ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە :**

عن أنس (ﷺ) قال : ((أنَّ النبي ﷺ نــهى أنْ يُصلي على الــجنائز بين القبور))[٨].

**واتە : پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی کردووە نوێژی مردوو بکریت لە سەر جەنازە لە نێوان گۆڕستاندا .**

**٣ ـ سوننەت وایە نوێژی جەنازە لە (مُــصلَّــى)دا ئەنجام بدرێت ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی جەنازەی بۆ (النجاشي) لە (مُصلَّــى)دا ئەنجام دا [٩].**

**وە دروستیشە لە ناو حەرەمی مزگەوتدا نوێژی جەنازە ئەنجام بدرێت ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە :**

عن عائشة (رضي الله عنها) قالت : ((... ما صلَّى رسولُ الله (ﷺ) على سُهيل بن بيضاء إلاَّ فــي جَوف الــمسجد))[١٠].

**واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی جەنازەی لە سەر (سُهيل بن بيضاء) ئەنجام نەدا ئیللا لە ناو ناخی مزگەوتەکەدا نەبێت .**

## * فەزڵ و گەورەیی پاداشتی شوێنکەوتنی جەنازە بۆگۆڕستان :

**شوێنکەوتنی جەنازە تاوەکو دەنێژرێت خێر و سوودی (قیراط)ێکی هەیە کە بە ئەندازەی شاخێکی گەورە قورس و سەنگینە لە تەرازووی کردەوەکاندا ، بە بەڵگەی فەرموودەکەی پێشوو .**

**وە هەروەها شوێنکەوتنی جەنازە یەکێکە لە مافەکانی موسڵمان بە سەر برا موسڵمانەکانییەوە :**

عن أبــي هريرة (ﷺ) قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((خَمس تجب للمسلم علــى أخيــه : رَدُّ الــسلامِ ، وتشميتُ العاطس ، وإجابةُ الدعوة ، وعيادةُ الــمريض ، **واتباعُ الــجنائز**))[١١].

**واتە : پێنج ئاکار هەیە واجب و پێویستە لە سەر موسڵمان بەجێی بێنێت بۆ برای موسڵمانی : وەڵام دانەوەی سەلام ، دوعاکردن بۆ ئەو کەسەی دەپژمێت ، وەڵام دانەوەی دەعوەت ، سەردانی نەخۆش ، شوێنکەوتنی جەنازە .**

وعن أبــي هريرة (ﷺ) أن رسول الله (ﷺ) قال : ((حق المسلم علــى الــمــسلم ســت ... **وإذا مــات فاتبعْــهُ**))[١٢].

**واتە : مافی موسڵمان بە سەر موسڵمانەوە شەشە ... ، وە ئەگەر مرد ئەوا شوێنی جەنازەکەی بکەوە .**

---

[٨] صحيح الــجامع الصغير رقم : (٦٨٣٤) ، وانظر : "أحكام الــجنائز" ص : (١٠٨) و "الثمرُ الــمستطاب من فقه السنة والكتاب" للإمام الألبانــي : (١ / ٣٥٧ ــ ٣٨٢) .

[٩] **بڕوانە** : صحيح البخاري رقم : (١٢٤٥) وصحيح مسلم رقم : (٩٥١) .

[١٠] صحيح مسلم رقم : (٩٧٣) ، **وە بڕوانە کتێبی** : "الوجيز فــي فقه السنة" ص : (١٧٤) .

[١١] صحيح مسلم رقم : (٢١٦٢) .

[١٢] صحيح مسلم رقم : (٢١٦٢) .

قال المناوي : ("وإذا مات فاتبعه" أي اتبع جنازته حتى تصلي عليه ، فإنْ صحبته إلى الدفن كان أولى)[13].

واتە : مەبەست بە "ئەگەر مرد شوێنی بکەوە" ئەوەیە کە شوێنی جەنازەکەی بکەویت بۆ ئەوەی نوێژی جەنازەی لە سەر بکەیت ، وە ئەگەر لە گەڵ جەنازەکەدا بیت تاوەکو دەنێژرێت ئەوا چاکتر و لە پێشترە .

*** لە کۆتایدا ئامۆژگاری هەموو موسڵمانان دەکەم :**

١ ـ کەوا هەوڵ بدەن ئەم سوننەتانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زیندوو بکەنەوە و پەیڕەوی بکەن و هانی موسڵمانیش بە گشتی بدەن بۆ پەیڕەو کردنی سوننەتەکان و ئەو چەندین (قِیراط)ـە خێرە گەورەیە لە دەست نەدەن .

٢ ـ پێویستە هەموو موسڵمانێك پێش مردنی (وەصێت) بکات بە کەسوکاری کەوا دوای مردنی هەوڵی ئەوە بدەن ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمانان کۆبکەنەوە بۆ ئەنجام دانی نوێژی مردوو لە سەر جەنازەکەی بەڵکو بەر تکا و شەفاعەتی ئەهلی تەوحید و شوێنکەوتوانی سوننەت بکەوێت (إنْ شاء الله) .

والسلامُ عليكم ورحمةُ الله وبركاته ...

=====================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

[13] فيض القدير : (٣ / ٣٩٠) .